# جێژن و شایی و را پەڕینی گەل، کوردستانی گرتەوە



ئارشیو- پێشمەرگەیەکی RUK، لە قووڵایی خاکی وڵاتدا، ئاڵای کوردستانی هەڵکردوە

پاش پەسند کران و ئیمزاکردنی یاسای بنەڕەتی کاتیی عێراق لە لایان ئەنجومەنی حوکمی عێراقەوە، جێژن و شایی، ڕێپێوان و را پەڕین، شارەکانی کوردستانی گرتەوە. لە هێندێك شوێن بەهۆی رەفتاری هێزەکانی رێژیم، توندوتیژی و پێکدادان رووی دا.

ئەوەی کە لەم راگەیەندراوەدا بڵاو دەکرێتەوە، را پۆرتە هەواڵی ئەو رووداوانەیە کە لە لایان تێکۆشەرانی RUKوە راستەوخۆ و لە کاتی رووداوەکاندا نێردراون.

پێویستە بگوترێ کە لە رۆژەکانی ١٩ و ٢٠ی رەشەمەدا، بەشی فارسی رادیۆکانی فەرانسە و ئیسرائیل، سەبارەت بەو رووداوانە، لەگەڵ بەرێز کاك حسەین یەزدانپەنا وتووێژیان کردوە کە لەسەر سایتی www.ruk2691.org دانراون.

## مهاباد

رۆژی ١٨ی رەشەمەی ٢٧٠٣ی کوردی، ٨ی مارسی ٢٠٠٤، دوابەدوای ئیمزاکرانی یاسای بنەڕەتی عێراق لە لایان ئەنجومەنی حوکمی عێراقەوە، لە سەعات ٢:٣٠ دەقیقەی پاشنیوەڕۆدا، خەڵکی بەشەرەفی مهاباد، بە ژن و پیاو، پیر و لاوەوە بۆ دەربڕینی خۆشحالی، رژانە سەر شەقامەکان و دەستیان دایە شایی و هەڵپەڕین و شیرینی بڵاوکردنەوە.

خەڵکی راپەریوی مهاباد، بە دروشمی بژی کوردستان و بە دەم سرودی ئەی رەقیب و هەڵگرتنی ئاڵای کوردستان، چوونە خزمەت پێشەوای شەهید و مام هەژار و مام هێمن/ی نەمر و ئەو سەرکەوتنەی کوردانیان لێ پیرۆز کردن.

هێزەکانی رێژیم تا سەعات ٨:٣٠ دەقیقەی شەو، دانیان بەخۆداگرت و توندوتیژییان بەکار نەهێنا: بەڵام لەوەودوا کەوتنە تەقە لە خەڵکەکە و ٨ کەسیان بریندار کرد.

پاش ئەوەی کە هێزەکانی رێژیم تەقەیان لەخەڵکەکە کرد، خۆپیشاندەران هەڵمەتیان بردە سەر بانکی بەسیجیان و ئاگریان تێبەردا. لە ئاکامی پەلاماری هێزەکانی رێژیمدا، ١٠٠ تا ٢٠٠ کەس لە خەڵکی مهاباد لە لایان هێزەکانی رێژیمەوە دەسگیرکران و لە زیندانی "ئیدارەی ئەماکن"ی رێژیم پەستێنران.

## مەریوان

سەعات ٧:١٠ دەقیقەی پاشنیوەڕۆی دووشەممە، ١٨ی رەشەمەی ٢٧٠٣، رێکەوتی ٨ی مارسی ٢٠٠٤، خەڵکی ئازادیخوازی مەریوان، بە ژن و پیاوەوە رژانە سەرشەقامەکان و بە هەڵپەڕین و هەڵکردنی چرای ماشینەکانیان و سیگناڵ لێدان و نوقڵ و شەگەڵات بڵاوکردنەوە و شەکاندنەوەی ئاڵای کوردستان، دڵخۆشیی خۆیان دەربڕی.

خەڵکی داخ لەدڵ لە داگیرکەران، لە مەیدانی "شەبرەنگ"ی مەریوان بە دروشمی بژی کوردستان، گوریسیان خستە مل پەیکەری "حسەین فەهمیدە"، بەسیجیی کوژراوی شەڕی ئێران–عێراق و بەو تەرزە بێزاری خۆیان لە رێژیمی کۆماری ئیسلامی هەموو هێما و نیشانەکانی دەربڕی.

www.kurdistannet.org

هێزەکانی رێـژیم بـۆ سـەرکوتی خۆپیشـاندەران، دەسـتیان دایـە تەقـەی هـەوایی و ژمارەیـەکیان لێگـرتن، حکومـەتی نیزامی/یان سەپاند و هێزە تایبەتەکان لە هەموو ئەو رێگایانەدا کە دەچنەوە سەر گۆڕەپانی "شەبرەنگ" دامەزران. بە گوێرەی هەواڵ، ٢٨ مەریوانی لە لایان رێژیمەوە دەسگیر کراون.

لـە لایـەکی دیکـەوە، مـانگرتنی مامۆسـتایانی قوتابخانـە و دەبیرسـتانەکان بـۆ نارەزایـەتی دەربـڕین لـە کـەمیی مووچـە و پێڕانەگەیشتن بە پێویستییەکانیان کە لە سەرەتای حەوتووەوە دەستی پێکردبوو، درێژەی هەیە.

## بۆکان

سەعات ٤:٢٠ دەقیقەی پاشنیوەڕۆی رۆژی ١٩ی رەشـەمەی ٢٧٠٣، ٩ی مارسـی ٢٠٠٤، شـاری بۆکـان لـە هـەموو لایەکـەوە بووە گۆڕەپانی شایی و هەڵپەڕین و شیرینی بڵاوکردنەوە.

هێزەکـانی رێـژیم بـە مەبەسـتی سـەرکوت و تێکـدانی جێـژنی خـەڵك، پـەلاماریان دان. خـەڵکی خۆپیشـاندەر کـە ملیـان بـۆ هێزەکانی رێژیم نەنەواند، بەرپەرچی پەلامار دەرانیان دایەوە و بە بەرد و کلۆ و لەتەخشت، ئاوقەی داگیرکەران بوون.

مەیدانی تێکهەڵچوون و پێکدادانی نێوان خەڵك و هێزی داگیرکەر، تا دەهات بەرفراوانتر دەبوو و زۆربەی شەقام و گۆڕەپانە سەرەکییەکانی گرتـەوە، مەرەخـەس بـوونی کچـانی دەبیرسـتانەکانی "کـەمال" و "غـەیرە ئینتیفـاعی" و دەنگـی دلێـری کیـژە بۆکانیان کە دروشمی کوردستانیان دەچڕی و ئاڵای کوردستانیان دەشەکاندەوە، ئەوەندەی دیکە، خۆپیشاندانەکەی جۆش دا. بۆیە رێژیم، هێزە تایبەتەکانی بەناو "دژی شۆڕش"ی ناردە مەیدان.

ئاڵۆزی و پێکدادان تا سەعات ١٩:٣٠ دەقیقە درێژەی کێشا. بە داهاتنی شەو و تاریکی، خـەڵکی راپـەریو هەڵمـەتیان بـردە سـەر بانکـەکانی "ریفـاهی کارگـەران" لـە ٢٢ بەهمـەن. بـانکی "ریفـاه" لـە چـوار رێـی شـارەداری، بـانکی "سـپە" لـە گۆڕەپـانی ئەسـکەندەری، بـانکی "میللـەت" لـە چـوار رێـی شـەقامی سـەقز، بـانکی "توجـارەت" لـە چـوار رێـی کـەلهور ئـاوا و بـانکی "کەشاوەرزی" و خەسارەتیان لێدان و هێندێکیان ئاگر تێبەردان. لە فەلەکەی دایك، ئاڵای کۆماری ئیسلامی ئاور درا و ئاڵای کوردستان هەڵکرا.

هێزەکـانی رێـژیم، بـۆ دامرکاندنـەوەی ئـەو هەسـتانە جەماوەرییـە، وەهـا کەوتبوونـە گیـانی خـەڵك، کوێرانـە دەسـتیان دەوەشـاند و تەنانـەت منـداڵی ٩-٨ ساڵەشـیان وەبـەر پـەلامار و زەبـری بـاتوم دەگـرت. ئـەوان بـەجۆرێ تـرس و نیگـەرانیی دایگرتبوون کە لە هێندێ لە بنکەکانیانەوە تەقەی هەواییان دەکرد.

لەو تێکهەڵچوون و پێکدانانەدا، ٢١ کەس لە خـەڵکی راپـەڕیوی بۆکـان گیران و ١٥ کـەس بـەهۆی زەبری باتومـەوە تووشـی زەربەی مەغزی بوون، یەك نەفەر نوخاعی پچڕاوە و یەك نەفەریش شەهید بووە.

## بانه

سەعات ٥ی پاشنیوەڕۆی ١٩ی رەشەمە، ٩ی مارس، هەر بە بۆنـەی ئیمزاکرانـی یاسـای بنـەڕەتیی کـاتیی عێـراق، هـەزاران کەس لە خەڵکی خەباتگێڕی بانە، بە وەرێخستنی خۆپیشاندان و خوێندنی سرودی ئەی رەقیب و دروشمی بژی کوردستان، دڵخۆشیی خۆیان لەو سەرکەوتنە دەربڕی.

هێزەکانی رێژیم کە بۆ شناسایی خۆپیشـاندەران کـامیرای فیلم هـەڵگرەوەیان دەمەزراند بوو، کەوتنەبـەر هەڵمـەتی گـەل و دەست بەسەر کامێراکانیاندا گیرا و فیلم هەڵگرەکانیشیان تەمبێ کرد.

## پیرانشار

پاشـنیوەڕۆی رۆژی ١٩ی رەشـەمە، رۆژێـك پـاش ئیمزاکرانـی یاسـای بنـەڕەتی کـاتیی عێـراق، خـەڵکی کـورد پـەروەری پیرانشـار و ژمارەیـەك لـە دێهاتی دەوروبەری، هاتنە سەرشـەقامەکان و لـە گۆڕەپـانی ئازادیی ئەو شـارە کۆبوونـەوە و وێـڕای چڕینی سـرودی نەتەوایـەتی، شـایی و هەڵپـەڕکێیان وەرێخسـت. هـەروەها خـاوەن ئۆتۆمبیلـەکان، بـە رۆشـن کردنـی چـرای ئۆتۆمبیلەکانیان چراخانیان بەرپاکرد و ئەو رۆژە مێژوییەیان پیرۆز کرد.

www.kurdistannet.org

خۆپیشاندەران کاتێ کەزانیان لە پاسگای ژمارە ٢ی هێزی ئینتیزامیەوە فیلمیان لێهەڵدەگیرێتەوە، هەڵمەتیان بردەسەر و شووشە و پەنجەرەیان هێنایە خوارێ. هێزەکانی رێژیم تەقەیان لە خەڵك کرد و نزیکەی ١٠ کەسیان لێ بریندار کردن. هەروەها ژمارەیەك لە لاوانی پیرانشار دەسگیر کران.

## سەقز

رۆژی سێ شەممە، ١٩ی رەشەمە، خەڵکی نیشتمانپەروەری سەقز بەبۆنەی ئەو دەسکەوتە مێژووییەوە، لە گۆڕەپانی هەڵۆ وە تا مزگەوتی جامیعە، شیرینی و نوقڵ و شەگەڵاتیان بڵاوکردەوە و پۆل پۆل کۆوە بوون و پیرۆزباییان لە یەکتر دەکرد. لەو کاتەوە تا ئامادەکردنی ئەم راگەیەندراوە، هێزەکانی بەناو "دژی شۆڕش"ی رێژیم، لە نێو شاردا دامەزراون و لە ترسی راپەڕینی خەڵك، رێگا و شوێنە سەرەکییەکانیان خستووەتە ژێر چاودێرییەوە.

## کامیاران

هەر بەوبۆنەیەوە، خەڵکی تێکۆشەری کامیارانیش، رۆژێ پاش ئیمزا کرانی یاساکە، لە گۆڕەپانی سەرەکی شار کۆوەبوون و بە شایی و هەڵپەڕین و شیرینی خواردن، ئەو دەسکەوتەیان موبارەك کرد. هێزەکانی رێژیم زۆریان حەولدا بلاوە بە خەڵك بکەن، بەڵام رۆڵەکانی کامیاران درێژەیان بە شادمانی خۆیان داو ئاخوندێکی رێژیمیشیان وەبەر هەڵمەت دا.

تا ئامادەکردنی ئەم راگەیەندراوە، بارودۆخی زۆربەی شارەکانی کوردستان ئاسایی نەبوونەتەوە؛ هێزەکانی رێژیم و ئۆرگانە سەرکوتکەرەکانی لە حاڵەتی ئامادەباشی تەواودان؛ ترس و نیگەرانی لە راپەرینێکی سەرانسەری، کاربەدەستانی رێژیم و فەرماندەرانی هێزە داگیرکەرەکانی داگرتووە. بەرێوە بوونی چوارشەممە سووری و نەورۆز، ئاستی ئەو ترس و نیگەرانییەی بردوەتە سەرێ.

بەمجۆرە خەڵکی کوردستان وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی لە پەسند کران و ئیمزاکردنی یاسای بنەڕەتی کاتیی عێراق و هەستی هاوپشتی و هاو چارەنووسی لەگەڵ گەلی کوردی باشور، دەنگی هەقخوازیی خۆشیان جارێکی دیکە بەرز کردەوە و پڕ بەدەم بۆ ئازادی و مافی دیاری کردنی چارەنووسی سیاسیی خۆیان هاواریان کرد.

تێکۆشەران و ئەندام و لایەنگرانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، لە ساز بوونی ئەو هەستانە جەماوەرییەدا و خوێندنی سروودی نەتەوایەتی و هەڵگرتنی ئاڵای کوردستان دەورێکی شیاویان گێڕا؛ هەروەك چۆن RUK ١٠ ساڵ لەمەوبەر هەڵکردنی ئاڵای کوردستانی کردە بەشێك لە ناسنامەی سیاسی خۆی و، پێشمەرگەکانی وەك بەشێك لە ئەرکەکانیان ساڵانە لە شار و شاخ و پێدەشت و لووتکەکانی نیشتمان، هەڵیدەکەن و دەیچەقێنن.

سڵاو لە خەڵکی ئازادی ئەستێنی کوردستان کە لە لاپەڕەیەکی زێڕینی دیکەیان لە مێژووی بزوتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان تۆمار کرد.

**پێوەندییە گشتییەکانی**

**یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان**

**٢١ی رەشەمەی ٢٧٠٣**

**١١ی مارسی ٢٠٠٤**

www.ruk2691.org
ruk2691@hotmail.com

www.kurdistannet.org